www.kurdistannet.org
2-7-2006 1:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شەڕی شەخسی ئینسانەکان شەڕی حکک- عیراق نیە... کامەران مەحمود

ئەوی لەم باسەیا ئەینوسم هەندێ ئامۆژگاری ڕەفیقانەو دڵسۆزانەیە بۆ هەندێ ڕەفیقی حزبی ئێمە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق کە لێرەو لەوێ دەوران دەوران ئەکەونە شەڕەوەو شەڕی شەخسی خۆیان و موشکیلە خانەوادەیەکانی خۆیان ئەخەنە سەر سایدەکان و حزبیش لەکێشەکانی خۆیانەوە ئەئاڵێنن. بۆ ئەوەی شعوری کەس بریندار نەکەم ناوی کەس ناهێنم تەنها بە تیپ نەبێ. ناوی خۆشم ناوێکی ڕەمزیە بۆ ئەوەی خۆم لەسەریەشەو چۆن بو چۆن هات و کێ بو و کێ پێ ی کردی و کێ ڕایسپاردی بپارێزم. بابەت لەسەر شەڕی شەخسی و شەڕی سیاسی حزبی ئێمەیە. بۆ نمونە ڕەفیقێکی حزبی ئێمە بەناوی ڕەفیق [ ع. س ] ناسراوە بە ڕەفیق ] ڕ. ع ] لەگەڵ خاڵۆزاو پورزایەکی خۆیا بە ناوێ ] هە. ع ] کەوتوەتە دەمەدەمەوەو هەرچی ناشرین و نائینسانیە بەیەکدی ئەڵێن و لەم بەینەیا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش کراوەتە پەیژەو کارتی فشار بۆ خۆفەرزکردنی ڕاوبۆچونی شەخسی ئینسانەکان. من قسەم لەسەر کاک [هە. ع ] نیە چونکە نەئەندامی حزبەو نە هیچ ئوسووڵ و پڕنسیپێکی حزبی پێشێل کردوە تا یەخەی بگرم تەنها ئەوەنە ئەڵێم کارێکی باشی نەکردوەو زۆر سوکایەتی بە کەسی نزیکی خۆی کردوە. بەس ئەی ڕەفیق [ ع. س ] بەچ حەقانیەتێک ناوی حیزب ئەخاتە کێشە تەواو شەخسی و خانەوادەیەکانی خۆیەوە؟ حزبی ئێمە بڕیارە شەڕی کۆمەڵایەتی بکات لەگەڵ دەسەڵاتی عەشیرەتی و بنەماڵەی و تائیفی و مەزهەبی لە عێراق و کوردستانا و لەململانێ خسوسیەکانا کارێکی نیەو کاری بەسەر ئیشی خسوسی ئینسانەکانەوە نیە هەر ڕەفیقێ دابەزێتە شەڕی شەخسیەوە و لەگەڵ تاک تاکی ئینسانەکاندا خەریکی نوقورچ گرتن بێ و شەوکەتی حزب و هەیبەتی حزب و شەخسیەتی ڕەفیقە حزبیەکانی بۆ پارسەنگی قسەکانی بەکار بێنی و بکەوێتە شەڕە جنێوەوە نەکو دڵسۆزی حزب نیە بەڵکە هەلپەرستیشە. ئێمە بەرنامەیەکی شمولی سیاسیمان هەیەو ڕێز و تەقدیری ئینسانی ئەگرین چ جای ئیعتیبارو کەسایەتی دۆستان و خزمان و براو خوشک و دایک و باوکی خۆمان هەر ڕەفیقێکی حزبی وەفای بۆ کەسوکارەکەی خۆی نەبێ و لایەنی ئینسانی لێک نەیاتەوەو ئامادەبێ دەگەی شەخسی لەکەسوکاری خۆی و کۆنە دۆستانی خۆی بدا و بیان شکێنێ بەناوی دڵسۆزی بۆ ڕەفیقە حزبیەکانی و بەرنامەی حیزبەکەی ئەوا لێ ی مەعلوم بێ وەفای بۆ حیزبەکەی موزەیەفەو بە موقایەزە ئەو ئیشانە ئەکات. حزبی ئێمە لە ماوەی بونی سیاسی و عەسکەری خۆیا لەگەڵ چەندین حکومەتی کۆنەپەرست و سەرکوتکەر و حزب و ڕێکخراوەو شەخسیەتی سیاسی و نوسەرانی ناسیۆنالیست و ئیسلامی و هێزە کۆنەپەرستەکانی جەهل و ئیسلامی سیاسیا تێک هەڵچوە تەنانەت ئاسایشی یەکێتی بە شێوەیەکی زۆر بەربەریانە چەندین ڕەفیقی ئێمەیان تیرۆر کرد و بۆ دڵدانەوەی جمهوری ئیسلامی ئێران هەزارو یەک بیانویان پێ گرتین بەڵام ئێمە وەک حزب و وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری رقی شەخسیمان لە هیچ سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و هیچ کەسێ نیە. شەڕی ئێمە شەڕێکی سیاسی ستراتیجیەو لەئەبعادێکی دورا کارئەکەین و بۆ یەک لەحزەش بچوکترین حقد و کەراهیەت لەدڵی هەر ڕەفیقێکمانا هەبێ بەرانبەر هەر کەس نابێ حیزبی تێوە بگلێنێ و باری خۆی پێ ڕاست بکاتەوە. بۆیە ڕەفیق [ ع. س ] بۆی نیە بەناوی حزب و هیچ ڕەفیقێکی حزبەوە قسەبکا و رای خۆی بەسەر خاڵۆزاو پورزاکانی خۆیا فەرزکات و حزب بکاتە کارتی قوەتی خۆی. ماوەی چەند ساڵێکە ئەم ڕەفیقەی ئێمە لەگەڵ نزیکترین کەسوکاری خۆیا شەڕی شەخسی ئەکا و هەمو جارێکیش وا بەیان ئەکا لە خزمەتی حزبەو دڵسۆزە بۆ حزب من ئەوساش ڕەخنەم لەو کادرانەی حزب گرت کە ئەو شەڕە شەخسیانە ئەکەن چونکە ئێمە قەرار نیە شەڕی شەخسی بکەین، ئێمە لەسەر بناغە تیئۆریەکانی ڕەفیق مەنسوری حکمەت و فەلسەفەی مارکسیزمەوە دونیا شیئەکەینەوەو لەگەڵ دەسەڵاتا لەکێشمەکێشاین. دو ساڵێ لەمەوبەر ڕەفیق [ ع. س ] بەزمانێک کە هیچ قیەم و بەهایەکی ئینسانی پێوە نەبو لەسەر نزیکترین کەسی خۆی... هاوچەشنی زمانی نوسەرانی ناسیۆنالیستی دەورانی شەڕی ناوخۆی نەوەتەکانی کوردستان بو، نارد بۆ سایتی بۆ پێشەوە خۆشبەختانە ئەوساکە نە سایتی بۆ پێشەوەو نە هیچ سایتێکی تریش بۆی بڵاو نەکردەوە. من وەکو کادرێ پێم وابو ئێستاش وای ئەبینم ئەو نوسینانە کارەساتن بەنزین کردنە بە ئاگرا و شەڕێکی عەشایەری و دواکەوتوانەی خانەوادەیەو بەشێوەو تەعبیری سیاسی دەرئەبڕێ. چۆن ئەکرێ بە بێ دەلیل و ئەسنادو مەدرەک بەهیچ کەسێ بڵێنین جاش و ئیستخبارات و بەعسی چۆن ئەکرێ بەخەڵک بڵێین ئەڵقەی سیخوڕی دامودەسگاکانی ناسیۆنالیزم و ئیسلامیەکان بەبێ هیچ فاکتێ ئەمانە نەکو هەر بوختان ئەبێ بەبێ دەلیل و فاکت و دیکۆمێنت بەڵکە دەکرێ ڕەدفعلی خراپیشی هەبێ بۆ سەرمان و سەریەشەمان بۆ دروست بکەن و شکایەتیشمان لێ بکەن. کادری حزب نابێ عاتیفە و حەماسەتی سیاسی زاڵ بێ بەسەرئەسنادی فیعلی و لۆجیکی سیاسیا و لەلەحزە حەساسەکاندا پەنا بۆ شتی شەخسی و شەڕە شەخسیەکان بەرێ دوا ئامۆژگاریم بۆ ڕەفیق [ ع. س [ ئەوەیە ناکرێ ئێمە هەر تورە بین و کیبۆردو قەڵەمەکەمان بەدەستەوە بگرین و خۆمان خاڵی بکەینەوە و لەهەموانیش خراپتر حزب بکەین بە پاسەپۆرتی پەڕینەوەمان لە شەرگە شەخسیەکانا. تکایە گەر دلسۆزی حزبی و کۆمۆنیزمی

کرێکاری واز لەم شەڕانە بێنە یان لانی کەم ناوی حزب لەهیچ شتێکەوە مەئاڵێنە. بۆیە وا ئەڵێم گومانم هەیە لەوەی ئەم ڕەفیقە بتوانێ تەجاوزی ئەم موشکیلە شەخسی و خانەوادەیانە بکا.... لەهەموش گرنگتر کێ ئەڵی کەسانێکی حاقد و داخ لە دڵ بەرانبەر بە حزب و کۆمۆنیزمی کرێکاری نایات تەقلیدی غەریمەکانی ئەم ڕەفیقەمان بکاتەوە و جامی غەزەب و رقوکینەی خۆی لەکۆمۆنیزم و حزبی ئێمە بەتاڵ ناکاتەوەو هاوکاتیش بۆ ئەوەی بەینیان ناخۆشتر بکا و بەخەیاڵی خاو و نەخۆشی خۆی بیەوێ حزبیش لەم مەسەلە لاوەکیانەوە بئاڵێنی و زەربە لە اعتباری سیاسی حیزب بدا و بە بەردێ سێ چۆلەگە بکوژێ. هەمو کەسێ کۆمەڵێ تەعبیر و نوسینی تایبەت بەخودی خۆی هەیە ئەکرێ لاسای بکەیتەوە بە تەعبیرو بە ووشە بە ڕستەی ئەو و بە ناوی ئەویشەوە شت بنوسی بەڵام گرنگ ئەوەیە کادری حیزب چەند ووریا ئەبێ و چەند لەئەوجی ئینسانیایە لە ئاست حقد و کەراهیەت و داخ لەدڵی کەسانی ترا و چەند بۆی موهیمە بە بێ ئەسنادی موسبەت هیچ تاوانێک نەیاتە پاڵ کەس و شەڕێک نەکا شەڕی حزبی ئێمەو شەڕێ کادری ئێمە و شەڕی بەرنامەکانی ئێمە نیەو تەنانەت کارێکی نائینسانیشە. هیوای سەرکەوتن بۆ ڕەفیق [ع. س ] ئەخوازم و ئاواتەخوازم وا تێنەگات ئازارم داوە هەرچیەکم وتوە لە دڵسۆزی بونەوەیە بۆ بەرێزی و چیتریش کەسانی نەخۆش و ئاژاوەچی و نائینسانی و دژی کۆمۆنیست بەخۆی و حزبەکەی و اعتباری سیاسی خودی خۆی و خودی حزبەکەی و خودی خانەوادەکەی خۆش ناکا. کادری حزبی کۆمونیستی کریکاری ئەبێ زۆر لەوە بەرزتر بێ بێتە ئاستی ئەو شەڕە بێ مەعنایانەوە. هەر نوسینێ لەو ئاقارەدا بەزیانی کادرەکەو حیزبیش ئەگەڕێتەوەجا تەرەفی بەرانبەر هەرچەندە گومڕاو خراپیش بێ کادری حزبی ئێمە ئەبێ دیفاع لەئازادی ئینسانەکان بکاو حورمەت بۆ ئینسانیەت بگێڕێتەوە نەکو بکەوێتە دوای تۆڵەکردنەوەو دەستەویەخەی شەڕێ بێ نە لەدورو نەلەنزیکەوە رەبتێکی بە سیاسەت و بەرنامەو ئەهدافی حزبەوە نیە.

---